

# ڕۆحی یاخی و یاخیبوون لەهەموو بەرهەمەکانمدا زاڵە!!

## دیدارێك لەگەڵ محێدین زەنگەنە

سازکردنی: کامەران سوبحان

محێدین زەنگەنە یەکێکە لەنووسەرە هەرە دیارەکانی بواری (شانۆو چیرۆك و ڕۆمان)، نزیکەی نیو سەدەیە سەرقاڵی نووسین و کاری ئەدەبیە، لەبواری تێکستی شانۆییدا، چەندین بەرهەمی هەیەو زۆرێك لەبەرهەمە شانۆییەکانی لەوڵاتانی عەرەبی و لەفێستیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا خراوەتە سەر تەختەی شانۆ، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی لەبواری دەقی شانۆییدا شانۆیی (نهێنی) بوو کە لەساڵی 1968 بڵاویکردەوە، ئیدی لەو دەمەوە تا ئێستا کە باس لەشانۆی عیراقی دەکرێت ناوی محێدین زەنگەنە لەڕیزی پێشەوەیە، ئەو بەعەرەبی دەنووسێ و بەرهەمەکان بەعەرەبی بڵاودەکاتەوە، ڕەنگە ئەمەش هۆکارێك بێت بۆ ئاشنابوونی شانۆکارانی عەرەب بەبەرهەمەکانی، دوای هاتنی بۆ سلێمانی دەرفەتمان بۆ ڕەخساو ئەم دیدارە هەمەلایەنەمان لەگەڵ سازدا کە کرۆکی دیدارەکەشمان تەنها دوو تەوەرە ئەویش (شانۆو چیرۆك) بەهیوایین دیدارەکە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێت.

***زۆرێك ئەدیبی كورد هەن بەزمانی عەرەبی دەنووسن، یەكێك لەو ئەدیبو نووسەرانەش تۆیت، بەڵام زۆرێك لەچیرۆكو شانۆییەكانی تۆ رەگێكی كوردیان هەیە، ناوی پاڵەوانەكان ناوی كوردین ژینگەو كەشی شانۆییەكە كوردیانە، ئەم حاڵەتە چەند كاریگەرە لەسەر ئەدەبی عەرەبیو خوێنەری عەرەبی؟**

–پرسیارێكی جوانە، من پێم وایە ئەم پرسیارە لەدوورەوە دەتوانین لێی بڕوانین یەكێك لەوانە وەك پەندە كوردییەكەی لێهاتووە كە دەڵێت لەهەردوو جەژنەكە بووە، ئەمە چۆن؟ هەندێ ئەدیبو رەخنەگری عەرەبی هەیە گرنگی بە بەرهەمی من نادات چونكە من خۆم كوردم، هەندێ خوێنەری كوردیش هەیە بەرهەمەكانی من ناخوێننەوە لەبەرئەوەی بەعەرەبی نووسراون، كەچی لەڕاستیدا ئەم دوو تێڕوانینە هەردووكیان هەڵەن، چونكە بەهۆی ئەو بارودۆخەی كە من وەك نووسەرێك تێیدا ژیاوم كە خوێندنو گەنجیم لەشاری كەركوك بووەو پاشتر لەبەغدا ژیاومو هەموو دیراسەم عەرەبی بووە، ئەمە راستەوخۆ كاریگەری بۆ سەر زمانم هەبووە، كە من كوردی باش نازانم چ وەك ئاخافتن چ وەك نووسین، ئەمە جگە لەوەی لەدونیای نووسیندا من ئەوەندەی ئینتیلاقم بەسەر زمانی عەرەبی هەیە لەڕووی گوزارشتەوە ئەمەندە بەسەر زمانی كوردیدا نیمە، چونكە خوێندنم بەعەرەبی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر جار هەوڵم داوە بەكوردی بنووسم بەڵام بەڕاستیو راشكاوی بیڵێم بۆم نایەت، تا لاپەڕەیەك بەكوردی بنووسم دەتوانم پێنج لاپەڕە بەعەرەبی بنووسم، لەهەمان كاتیشدا خوێندنەوەی زمانیشم بەهەمان شێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا من دانی پێدادەنێم ئەمە هەڵەیەكەو پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزمەوە، ناكرێت بڵێم بەرهەمەكانم عەرەبین، نەخێر چونكە وەك خۆشت ئاماژەت پێدا رەگێكی بەهێزی كورد بوون لەناو كارەكتەرو چیرۆكو



محێدین زەنگەنە-منداڵی

بابەتو كەشە گشتیەكەیدا دەبینرێت، كە ئەوەش پەیوەستە بەبینینی من بۆ شتەكان.

***ئەی بەدەر لەمانە هەندێ دەرهێنەری شانۆیی گەورە لەسەر ئاستی مەعریفی ئیشیان لەدەقەكانی تۆدا كردووە، ئەو دەرهێنەرانە وەك (عەزیز خەیون، عەونی كەڕومی) كە ئەمانە لەئاستی شانۆی ئەكادیمی عەرەبیدا ناوێكی دیارن، ئەمە ئاماژەی ئەوە نادات شانۆكارانی عەرەب بەدیدێكی مەعریفەوە سەیری بەرهەمەكانت دەكەن نەك بەدێكی ناسیۆنالیزمیەوە؟**

–بەڕاستی من جگە لەم دەرهێنەرانە كۆمەڵێك دەرهێنەری تریش ئیشیان لەدەقە شانۆییەكانمدا كردووە، لەزۆرێك لەوڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی (میسر، جەزائیر، تونس، كوێت) ئیش لەدەقەكانی مندا كراوە، نامەوێت غرورو بمگرێتو بڵێم تەواو هەموو شتێكم كردووە یان لەهەموویان رازیبم وەك لایەنی هونەری، بەتایبەتی عەونی كەڕومی كە دەقێكی منی دەرهێنا لەئەڵمانیاو كۆمەڵێك هونەرمەندی كوردی لێیە لەوێ وتیان بەسێ زمان



محێدین زەنگەنە لەگەڵ خێزانەکەیدا

پێشکەشکراوە (کوردی-عەرەبی-ئەڵمانیا) رۆحیەتی عەونی خۆی بەرامبەر بەکورد رۆحیەتێکی پاکو بێگەردە، ئەو دەقەکەی منی لەسەر زمانی کارەکتەرەکان جوان تەوزیفکردبوو، کە باس لەنەهامەتیەکانی پاش جەنگ دەکات، ئەو بەستبویەوە بەئەنفال-کیمیابارانی هەڵەبجە بەجەنگیماڵکاولکاری، هەموو ئەمانەی لەشانۆگەریەکەدا جێکردەوە، کاتێکیش (عەزیز خەییون) دەقێکی منی دەرهێنا جێگری وەزیری رۆشنبیری بانگی کردو وتی ئاوەرە بزانم مەبەستت چییە لەو ئەشکەوتەی لەسەر تەختەی شانۆ دروستت کردووە؟ (عەزیز خەییون)یش وتبوی نازانم ئەوە روئیای دیکۆرست بوو من تەنها جێبەجێکاربووم، ئەویش وتبوی نا.. ئەوە مەبەستان پێشمەرگەو مەبەستان راکردنی کوردە، (عەزیز خەییون)یش وتبووی نا وا نازانم مەبەستی ئەوەبێت، بەڵکو ئەمە شانۆگەریەو هیچیتر.

***شەو باش رەشپێستە سپییەکان ئەمەش مۆنۆدرامایەکی تۆیەو پاڵەوانەکەی مۆسیقارێکی کوردە، تا چەند ئەم پاڵەوانە دەبێتە هەڵگری رۆحیەتێکی کوردانە لەکارەکانی تۆدا؟**

-بەڕاستی ئەم پرسیارە پێویستە خوێنەرانو رەخنەگران وەڵامی بدەنەوە، بەڵام ئەم مۆنۆ درامایە هەڵگری رۆحێکی کوردیە، هەروەك خۆشت باش بۆی چویت، تەنانەت ناوی پاڵەوانەکە کوردیە (سۆران) کە لەشارێکی کوردیەوە مەنفی کراوە بۆ شارێکی وەکو بەغدا کە باسی بەغدا دەکات وا هەست دەکات رۆحی دەخنکێنێت، بۆیە کاتێك خوێنەر ئەم تێکستە شانۆییە دەخوێنێتەوە راستەوخۆ هەست بەو رەگە کوردیە بەهێزە دەکات کە لەهەناوی کارەکتەرەکەدا هەیە، لەحیوارەکانی لەمەبەستی، لەبۆچوونی، من هەمیشە ویستومە لەبەرهەمی ئەدەبیدا بەم شێوەیە کار بکەم نەك بمەوێت بەلێڵیو بەناڕاشکرایی، نەخێر هەموو رەخنەگرانیش زۆر بۆچوونی گەورەترو فراوانتریان لەسەر ئەم دەقە هەیە.

***ئەو رۆحە مەنفیەی کە باسی دەکەیت لای کارەکتەرەکانت ئەو رۆحەی لای (سۆران) هەیە تا چەند نزیکە لەو رۆحەی محێدین زەنگەنە کە بەفۆرمێك لەفۆرمەکان ئەویش لەکوردستان مەنفیە؟**

-زۆر جوانە، باش بۆی چویت، من ئەوە حەقیقەتی ژیانە کە لەدەرەوەی کوردستان دەژیم، لەژینگەیەکی عەرەبیداو لەبەغداو بەڵام بەردەوام رۆحی کوردستان لەهەناومدا دەژیو بەدەمارەکانمدا گوزەر دەکات، ئەو ژینگەیەی کە من تێیدا دەژیم بێگومان عەرەبی شۆڤێنی تێدایە هەروەك چۆن کەسی سالمو باشیشی تێدایە، لەبەرئەوە لایەنی سایکۆلۆژی کارەکتەر لایەنێکی زۆر گرنگو بەهێزەو پێویستە نووسەر ئاگای لێبێتو ئیشی لەسەر بکات، چونکە لەشانۆدا گوتاری کارەکتەر پێویستە لەناو ناخی نووسەرەوە

هەڵقوڵابێت بێگومان کارەکتەرەکانی منیش هەر هەموویان نەوەی منن‌و لەبیروبۆچوون‌و یادەوەری منەوە لەدایك بوون، ئەمەش لەنێوان دوو هێڵی هاودژدان یەکەمیان کوردستان دووەمیان ئەو شوێنەی کە من تێیدا دەژیم لەدەرەوەی کوردستان، پێکدادانی هەموو ئەمانەش راستەوخۆ کارلێك لەناخی کارەکتەرەکان دەکەن.

***باشە تۆ باسی رۆحێکی کوردانەت کرد لەدەقەکانتا، ئایا ئەو دەقانەی تۆ لەلایەن چەند دەرهێنەرێکی عەرەبییەوە ئیشی تێدا کراوە بەستایل‌و فۆرمی جیاواز تا چەند ئەوان ئەو رۆحە کوردییەیان پاراستووە؟**

–ئەوەی راستی بێت (عەونی کەرومی) گەیشتە ئەو رۆحیەتە، بەنیسبەت (عەزیز خەییون)یش گەیشتە ئەو رۆحیەتە بەتایبەتی لەوێناکردنی ئەو ئەشکەوتەی کە باسمان کرد، بێگومان هەوڵی تریشی دا بوو لەلایەنی ترەوە بگاتە رۆحی دەقەکە، بەڵام هەندێ دەرهێنەری تریش تەنها لەشتی روکاریدا خولاونەتەوە من رێزم بۆ هەوڵیان هەیە، بەڵام دیارە ئەوان وا بینیویانە کە کاریان تێدا کردووە، لایەنێکی تریش من کە دەقێکی شانۆیی دەنووسم خۆ ناکرێت بەدەرهێنەرەکە بڵێم لێرەدا مەبەستم ئەوەیەو لێرەدا وام وتوەو دەمەوێت ئەوە بڵێم، نەخێر چونکە دەرهێنەر پێویستە هۆشیاریەکی گەورەی هەبێت بۆ تێگەیشتنی قوڵ لەو دەقە.

رەنگە لەروکاردا دەقەکانم رۆحێکی کوردی سەرڤیان نەبووبێت، بەڵام رۆحێکی هیچ میللەتێکی تریشی تێدا نییەو نزیك نییە لەرۆحی هیچ میللەتێك لەمیللەتی کورد زیاتر!!

ئەمە جگە لەوەی رۆحێکی یاخیانەو یاخیبوون لەهەموو بەرهەمەکانمدا زاڵە کە ئەمەش وەك ئسلوبێکی تایبەتی خۆم وایە لەنوسیندا.

***زمانی شیعریەت لەزۆرێك لەشانۆییەکانتا دەبینرێت قوڵایی ئەم زمانە لەکوێوە هاتووە؟ یان چ ئاماژەیەك لەزمانی شیعریدا هەیە لای تۆ؟**

–زۆر رەخنەگر لەسەر ئەم لایەنە قسەیان کردووە، وەك زمانی شیعری لەشانۆییەکانی محێدین زەنگەنە کە (فایەق مستەفا) نووسی. دواتر وێنەی شیعری لەشانۆییەکانی محێدین زەنگەنەو چەندین شتیتریش نووسراون لەم ماوەیەشدا نامەیەکی دکتۆرا لەسەر بەرهەمەکانی من نووسراوە بەناوی (شیعریەت لەشانۆنامەکانی محێدین زەنگەنە) ئەو برادەرە وا دەڵێت کە محێدین تەنها شانۆنووس نییە، بەڵکو شاعیرێکی گەورەشە، بێگومان شیعر گەوهەرو رۆحی شانۆیە، کلیلێکی نوێی شانۆنامەیە، راستە شانۆییەکانی شکسپیر شیعریە، بەڵام شانۆییەکانی ئەرستۆفانیس رۆحێکی شیعریان تێدایە، زمان لای من تەنها هۆکارێك نییە بۆ گوزارشتکردن، من لەخلالی زمانەوە رۆحیەتی نوێ کەشف دەکەم، لەرێی زمانەوە بیرۆکەی نوێ ئاشکرا دەکەم کە دواجار لەشانۆنامەدا دایدەرێژمەوە، لەبەرئەوە زمان زۆر گرنگە بەپێی سیاقی شوێن‌و جوگرافیاو حاڵەت، کەواتە دیسانەوە زمان ناسنامەو شوناسی کارەکتەرو مێژووە، ئەوسا وەزیفەی گوزارشت‌و پەیوەندی.

***دوای نزیکەی چل ساڵ لەنووسین‌و کۆششی ئەدەبی هەست دەکەیت ئەمەندە لات لێکراێتەوە کە نەوەی نوێی ئەدەبی کوردی هەر کات پێویست کات بتوانن بگەرێنەوە بۆ لات، مەبەست لەبەرهەمی چاپکراوە؟**

–بەراستی وەك پێشتریش لێی دواین رەنگە گرفتەکە ئەوە بێت، چونکە من لەکوردستان‌و لەناو ئەدەبی کوردیدا نەژیاوم رەنگە قورس بێت خوێنەری نوێی ئەدەبی کوردی بتوانێت بەئاسانی سەرجەم بەرهەمەکانی منی دەسکەوێت، وەك وتمان بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتەوە، ئەو لالێکردنەوەیەش تەنها بەچاپکردن‌و وەرگێرانی بابەتەکانم دەبێت بۆ سەر زمانی کوردی، گەلاوێژ بریاریداوە (سەرجەم بەرهەمەکان)م بۆ چاپ بکەن (دیارە بەهەوڵی تاکەکەسی) ئەمە دیارییەکە بۆ من، جگە لەوەش بەسوپاسەوە دەزگای سەردەم (رۆڤار)ێکیان تایبەت کرد بەمن ئەمە گەورەیی بوو بۆ ئەوان‌و رێزبوو بۆ من.

***تا چەند ئاگاداری ڕەوتی هونەری شانۆیت لەکوردستان؟**

–بەڕاستی بەشێوەیەکی پچڕپچڕ ئاگادارم، پاربو یان پێرار شانۆگەریەکی منیان پێشکەشکرد بەناوی (سزا)و بەڕۆحیەتێکی کوردیش نمایشکرا، ڕەنگە ئەمە هۆکارێك بێت کە من کەم تا زۆر بەئاگابم لەڕەوتی شانۆیی، ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکانی تری پەیوەندی، بەدرێژایی مێژووش چەندین ناومان بەرگوێ دەکەوێت لەئامادەبوونی جدیان هەیە، من نامەوێت ناوبهێنم نەوەکو کەسم لەبیربچێت.

جگە لەمانەش من نامەوێت وەك دادوەرێك ڕەوتی شانۆ لێرە هەڵسەنگێنم، چونکە من وەك دەزانن ماوەیەکی زۆر لێرە دابڕاوم‌و بەشێوەیەکی چڕوپڕ سەرجەم بەرهەمەکان نابینم، وەك دەیخوێنمەوە لەڕێگەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانەوە خەڵکی گلەییان هەیە لەڕەوتی شانۆ، دیارە هەنگاو بۆ ئەمەش زۆرە، لەوانە کۆڕو سیمینارو کردنەوەی تەوەرو نووسین‌و لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت پەنجە بۆ نەنگیەکانی شانۆ لێرە رابکێشین.

***سەبارەت بەچیرۆکی کوردی، تا چەند ئاگات لەڕەوتی چیرۆکی کوردی هەیە، بەهەموو نەوەو قۆناغەکانیەوە؟**

–ڕەنگە من زیاتر ئاگام لەڕەوتی چیرۆکی کوردی بێت وەك لەوەی لەشانۆی کوردی، چیرۆکی هەر لە(ئیبراهیم ئەحمەدو حسێن عارف)ەوە تا دوای ئەوان کە (ڕەئوف بێگەردو محەمەد موکری‌و شێرزاد حەسەن) فۆڕمێکی نوێ‌و پێشکەوتویان بەچیرۆکی کوردی‌دا، کە دوابەدوای ئەمانیش دەنگی نوێ‌و داهێنەر ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبوندایە، بۆ ئەم مەبەستەش بەبێ زیادەڕۆیی ئێستا چیرۆکی کوردی لەئاست چیرۆکی عەرەبیدایە، ناڵێم بەرزتر بەڵام هیچی کەمترنییە لەو، من کاتێك چیرۆکەکانی (ڕەئوف بێگەرد) دەخوێنمەوە هەست دەکەم کارەکتەرەکانی لەناو کۆمەڵگەی کوردییەوە هەڵقوڵاوە، کارەکتەرەکانی ڕەئوف بێگەرد کارەکتەرەکانی نێو ژیانی کوردەوارین ئەوانەی ڕۆژانە ئێمە دەیان بینین، بەڵام بەتەکنیکی جوان‌و سەرنج ڕاکێش. گرنگی چیرۆکەکانی ئەم لەوەدایە لەئاست ئەم قۆناغەو لەئاست پێشکەوتنی چیرۆکی جیهاندا، چونکە ناکرێت چیرۆك نووسین بەتەکنیکی پەنجاو شەستەکان بنووسرێت، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەم چیرۆك نووسانەی کورد بەتایبەتی ڕەئوف بێگەرد ئەوەی ئەو کە وتم محەمەد موکری‌و شێرزاد حەسەن لەم لایەنەدا زۆر سەرکەوتووبوون.

***ئەی پێت وا نییە پرۆسەی وەرگێڕان نەیتوانیوە چیرۆك نووسەکانی ئێمە بەئەدەب‌و خوێنەرانی وڵاتانی‌تر بناسێت، بەتایبەت ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی..هتد؟**

–ئەم قسەیەی تۆ زۆر جوانەو پێویستە بەرپرسان کار لەسەر ئەمە بکەن بەتایبەتی بەرپرسە ڕۆشنبیریەکان، ئەمەش پێویستی بەدەزگاو ئۆرگانی گەورە هەیە بۆ وەرگێڕان، بۆیە من پێم وایە پێویستە ئەو دەزگایەی کاری وەرگێڕان دەکات پێویستە دورکەوێتەوە لەموجامەلەو هاوڕێیەتی تەنها بەدوای تێکستی جوان‌و داهێنەرانەدا بگەڕێت‌و وەریگێڕێت بۆ عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و ئینگلیزی، چونکە هەندێك میللەت بەتایبەتی فارس‌و عەرەب‌و تورك زمانی ئێمە نازانن‌و نایانەوێت بزانن، بۆیە ئێمە دەبێت لەم ڕێگەیەوە ئیقتیحامی بکەین‌و بەرهەمە جوانەکانی خۆمان بەزمانی خۆیان پێشکەش کەین. بۆ نموونە من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە تۆ سەیرکە بەعەرەبی‌و ئەدیبی عەرەب زۆریان لەسەر (شێرکۆ بێکەس‌و عەبدوڵڵا گۆران) نووسیوە بۆ؟ چونکە بەرهەمی زۆریان کراوە بەعەرەبی بەڵام کەمتر لەسەر (ڕەئوف بێگەردو حسێن عارف) نووسراوە چونکە ئەمان کەمتر بەرهەمیان کراوە بەعەرەبی، بۆ نموونە ئەو بەرهەمە عەرەبییەی کە چیرۆکەکانی (ڕەئوف بێگەرد) کە کتێبێك بوو بەناوی (المدینە) من چەند دانەیەکم لێوەرگرتوو دام بەنووسەرو ڕەخنەگرە عەرەبەکان بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ئاگایان لەچیرۆکی چیرۆك نووسێکی کورد بێت.

دەمەوێت لێرەدا ئەوەش بڵێم کە گۆڤاری عەرەبی لێرە زۆر پێویستە واتە باس لەئەدەبی کوردی بکات بەزمانی عەرەبی وەك گۆڤاری (پەیڤین، سەردەمی عەرەبی، گەلاوێژ) کە لەسلێمانی دەردەچێتو لەهەولێریش چەندین گۆڤار ئەمە زۆر پێویستەو پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت.



محێدین زەنگەنە لەگەڵ کامەران سوبحاندا

من تاکە سەرنج لەسەر ئەم بڵاوکراوانە ئەوەیە کە ئەمانە پێویستە گرنگی بەئەدەبو ڕۆشنبیری کوردی بدەن بەزمانی عەرەبی خۆ ئەگەر توانیشیان بەفارسیو تورکی ئەوە شتێکی زۆر باشە ئەمانە هەمووی دەڕژێتە ئەو خانەیەی کە باسمان کرد.

***ئەی ئاگادارییەکت سەبارەت بەچیرۆکی چیرۆکنوسە لاوەکان هەیە؟ لەکاتێکدا لەم نەوە نوێیەی چیرۆکی کوردی کەسانی داهێنەرو چالاك هەیە؟**

—منیش پێم وتی بەڕاستی وایە، ئەم نەوە نوێیە کەسانی داهێنەری تێدایە لەچیرۆکدا، شتی جوان دەنووسن، هەروەك چۆن باسی نەوەی ڕابوردووشم کرد، بەهەمان شێوەیە لەنەوەی نوێدا دەنگی باش هەیە، بەڵام من بۆ خۆم گرفتێکی سەیرم هەیە، ئەویش گرفتی لەبیرچونەوەیە، باوەڕم پێ دەکەیت ئەگەر بڵێم زۆر چیرۆکی ئەم نەوەیەم خوێندوەتەوەو ناوی کەسیمان بیرنەماوە، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە کراون بەعەرەبی.

***ئەی هەست ناکەیت ئەوە گرفتە کە تۆ ناتوانیت بەزمانی دایك بخوێنیتەوە؟**

—با بۆ نا، بەڵام من نەموتوە ناتوانم بخوێنمەوە، من وتومە زمانی کوردیەکەم باش نییە، نەم وتوە هیچ ناتوانم بخوێنمەوە، ئەم دوو شتە زۆر جیاوازن.

***هیچ شتێك ماوە هەست بکەیت ویستوتە بیڵێیتو نەتوتبێت؟ ئەی هیچت ماوە؟**

—(بەپێکەنینەوە) تۆ وتت تەنها یەك دوو پرسیارم هەیە، بەڵام ئەوە سەعات زیاترە قسەمان کرد، سەرەتا بەناوی کاك شێرکۆ هاتیتو وتت بۆچونت سەبارەت بەفێستیڤاڵی گەلاوێژ بەڵام زیرەکانە چیت هەبوو کردت، دەستخۆش دیدارەکەم بەدڵ بوو، زۆر سوپاستان دەکەم، سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆیە.

**بەشێك لەبیلۆگرافیای ژیان و بەرهەمی محێدین زەنگەنە:**

—ساڵی 1940 لەکەرکوك لەدایك بووە.

—ساڵی 1958 ئامادەیی تەواوکردووەو ساڵی 1962 کۆلێژی ئەدەبیاتی بەشی زمانی عەرەبی لەبەغدا تەواوکردووە.

—لەساڵی 1957 بابەت بڵاودەکاتەوە.

—ئێستا لەبەغدا دادەنیشێت.

**هەندێ لەشانۆگەرییەکانی:**

—نهێنی ساڵی 1968.

—کوللە ساڵی 1970.

—پرسیار ساڵی 1976.

—مۆڵەت ساڵی 1977.

—لەپینەچییەکی پێنجەمی سەدەی بیستەم ئەمەرو دەدات ساڵی 1979.

—کۆتری کێوی ساڵی 1980.

—ئێوارەتان باش رەشپێستە سپییەکان ساڵی 1981.

—قوتوی بەردین ساڵی 1983.

—گوڵەکان بۆ کێ؟ ساڵی 1983.

—ئێشکگر ساڵی 1987.

—حیکایەتی دوو هاوڕێ ساڵی 1988.

—ئەی بەرد قسە بکە ساڵی 1989.

—خەونی پاشا ساڵی 1998.

لەگەڵ سێ رۆمانو چەندین چیرۆك کە بەشێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاوکراونەتەوە.